# هەرێمێکی بێ کارگەو

**بەدەگمەن بیزنسکارێك لەم هەرێمەدا دەبینی رووی کردبێتە بواری پیشەسازی**

شوێنەواری سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانــی بەغداو نەبوونی فەلســـەفەیەکی بەرهەمهێـــن و نەبوونی پلانێکی ئابووری لەم هەرێمەدا، وایانکردووە کوردســـتان نەبێتە خاوەن ستراتیژییەتێك بۆ بەرهەمهێنان، گواســـتنەوەی کەرتەکانی ئابووریـــش لەئاســـتێکی نزمـــەوە بـــۆ ئاســـتێکی پێشـــکەوتوو کارێکی ئاســـان نەبێت، ئەمـــەش هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی هەرێمەکە لەچوارچێوەی داخراوی بێ بەرهەمی دەربازی نەبێت، ئەوەتا بەرهەمی خۆماڵی کارگە حکومی و ئەهلییەکانیش دووچـــاری تێکشـــکاندن بـــوون، بەهۆی نزمـــی و لاوازی ئاســـتی بەرهەمهێنان و بەلێشـــاو هێنانی بەرهەمـــی بیانی دوور لەکۆنتـــرۆڵ و دیراســـەتکردنەوە، تەنانەت زۆربەی بەرهەمهێنـــەرەکان وازیان لەکاری بەرهەمهێنـــان هێنـــاوەو روویـــان لەکاری بەڵێندەرایەتی کردووە، زۆربەشـــیان بوونەتە بازرگان و لەم کارەشـــدا قازانجێکی خێراو زۆریان دەســـتکەوتووە، لەســـەر حســـابی ئابووری هەرێمەکەو بەرژەوەندی گشـــتی و داشـــکانی بەهای دیناری نیشتمانی و تەشەنەکردنی بێکاریی و خراپبوونی باری تەندروســـتی و بژێـــوی هاوڵاتییان...، ئەمە دۆخێکی وای خستۆتەوە کەسەرەڕای هەڵاوســـانی نرخەکان و گرانبوونی بازاڕ ژمارەی کۆمپانیاو کارگە بەرهەمهێنەکانیش کـــەم بوونەتـــەوە، بەرادەیـــەك لەکـــۆی نزیکەی ٩٥٠٠ کۆمپانیا کەلەکوردســـتان ناویـــان تۆمارکراوە، تەنیـــا نزیکەی ٥٠٠ کۆمپانیایەکی پیشەســـازی بوونیان هەیەو زۆربەشـــیان کۆمپانیای بچووکن یاخوود لەپرۆســـەی بەرهەمهێنـــان راوەســـتاون و کەرتی بەرهەمهێنانیان دووچاری شکست بـــووە، ئەوەتا بەپێی چەند ســـەرچاوەیەك




**نەبوونی فەلسەفەیەکی بەرهەمهێن وایکردووە کوردستان نەبێتە خاوەن ستراتیژییەتێک بۆ بەرهەمهێنان و، گواستنەوەی کەرتەکانی ئابووری لەئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوو**

**بەرهەمی خۆماڵی دووچاری تێکشکاندن بووەو زۆربەی بەرهەمهێنەرەکان وازیان لەکاری بەرهەمهێنان هێناوەو روویان لەکاری بەڵێندەرایەتی کردووەو زۆربەشیان بوونەتە بازرگان**

# کارخانە.. بەرەو کوێ؟

لەکۆی ٤٦٠ کارگەی پیشەسازی لەبواری کەرەستەی بیناسازیدا ٣٠ کارگە توانیویانە بەردەوامی بەپرۆسەی بەرهەمهێنان بدەن، کارگە حکومییەکانیش هەمووی داخران و نەشتوانرا بەرەوپێشەوەیان ببرێت، کە لە پرۆسەی بەتایبەتکردن کەلەنەوەتەکانی سەدەی رابردوو وەکو دروشمێکی جیهانگیری ئیدعای بۆ کراو کارگەکان درانە چەند بیزنسکارو سەرمایەدارێکی نەشارەزا لەپرۆسەی پیشەسازی و بەرهەمهێنان. ئەمڕۆ کارگەکانی حکومی و ئەهلی لەبارودۆخێکی باشدا نین، لەساڵی رابردوو بە ئاشکرا توانای کارگە بەرهەمهێنەکانی کەرتی تایبەتیش بۆ دواوە پاشا کشەیان کردووە، جگە لە کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی بە تایبەتی چیمەنتۆ، کە تارادەیەکی کەم بەرهەمهێنانی زیادیکردووە یاخود لێرەو لەوێ چەند کارگەیەکی شیش دروستکردن یاخود شیرەمەنی و بلاستیك . دامەزراون. سستبوون و ئیفلیجبوونی پیشەسازی کە گرنگترین یەکەی بەرهەمهێنانە لە هەرێمەکەدا خۆی لە خۆیدا شکستێکی پلاندانانە، چونکە نەیتوانیوە بەردەوام بدات بە بەگەڕخستنی کارگە تایبەتییەکان بەتایبەت کارگەکانی بەرهەمی پیشەسازی خۆراکی و بیناسازی و رستن و چنین و مەرمەڕو..هتد. کارگەو کارخانەکانی کەرتی تایبەت نەك وەکو جاران بەرهەمیان لاواز بووە بەڵکو لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیش راوەستاون و، ئەوەی پێی دەوترا چەند هەوڵێکی دروستکردنی پیشەسازی خۆراکی وەکو کارگەکانی زەیتی گوڵەبەڕۆژەو دۆشاوی تەماتە هەرهەمووی لە کارکەوتن، بگرە هەوڵێکی گەورەی ئەوتۆو فراوان لەلایەن بیزنسکارە بیانییەکانەوە نەدراوە بۆ دامەزرانی کارگەو کارخانە بگرە بزنسمانی کوردیش رووی لە دامەزرانی کارگەو پەرەپێدانی پیشەسازی نەکردووە، چونکە بە دەگمەن بیزنسمانێکی کورد دەبینی روو بکاتە بواری پیشەسازی، زیاتر روو لە بواری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی دەکەن و دوای دەسکەوتی خێراو قازانجی بەپەلە دەکەون.

دوای چارەسەرکردنی تارادەیەکی کێشەی کارەبا و ئاوو سوتەمەنی و هەژاری و دەرهێنانی نەوتی خاوو گازی سروشتی لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا، کاتی ئەوە هاتووە بپرسین ئایا لەهەرێمی کوردستانیش وەکو ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەتوانرێت ببینە خاوەن کارگەو کارخانەی پێشکەوتوو کەتوانای پڕکردنەوەی خواستی بازاڕەکانی ناوخۆو کێبرکێکردنی لەگەڵ بەرهەمی بیانی هەبێت؟ تاکەی ببینە پێگەیەك بۆ ساخکردنەوەی کاڵاو بەرهەمی بێکەڵك و نزم لەکوالێتی وڵاتانی دەوروبەرو جیهان؟ بۆچی کەرتە پیشەسازییەکەی کوردستان

**سستبوون و ئیفلیجبوونی پیشەسازی کە گرنگترین یەکەی بەرهەمهێنانە لە هەرێمەکەدا، خۆی لە خۆیدا شکستێکی پلاندانانە**

**لەبری ئەوەی گۆڕینی شێوازی فەلسەفەی کەرتی گشتی بەرەو تایبەتی هۆکارێك بێت بۆ پەرەپێدانی کارگەکان و دووبارە دارشتنەوەی بەڕێوەبردنیان، کەچی داخران و لەبەرهەمهێنان شکستیان هێنا**



بەگەڕ نەخرێتەوە؟ زەمانێك بوو لەم هەولێرەدا سەدان کرێکار لەکارگە حکومییەکانی وەکو ڕستن و جنین و جگەرەو مەڕمەڕو بوارەکانی تر دا کاریان دەکرد، بۆ ئەو کاتە بوونی ئەم ژمارە زۆرەی کرێکاران خراپ نەبوو هاوکات ئەو کارگانەش بەهۆی خراپی بەرهەمیانەوە دانەخران یاخود لەقۆناغی زیان و ئیفلاسبوون نەبوون بەڵکو بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنیانەوە لەبواری بەرهەمهێنان ڕووبەرووی شکست بوونەوە، لەبری ئەوەی گۆڕینی شێوازی فەلسەفەی کەرتی گشتی بەرەو تایبەتی هۆکارێك بێت بۆ پەرەپێدانی کارگەکان و دووبارە دارشتنەوەی بەڕێوەبردنیان، کەچی داخران و کرێکارەکانیشیان کرانە کرێکاری بن دیوار یاخود گواسترانەوە بۆ ناو کاری بەڕێوەبردن و بواری هەڵئاوسانی کاری کارگێڕی پڕ لەکێشمەکێش و گیروگرفتی ڕۆتین و بیروکراتییەتی سلبی، لەم کوردستانەدا کۆمپانیا هەیە مۆڵەتی پیشەسازی هەیە، کەچی سەرقاڵی هێنانی ئۆتۆمبێلی بازرگانییە . سەرمایەدار هەیە زەوی بۆ بنیاتنانی کارگە وەرگرتووە تاکو ئێستا ئامێرەکانی دیار نییە . ڕۆژانە کەلوپەلی ئێکسپایەر لە بازاڕەکانی کوردستان دەستی بەسەردا دەگیرێت کەچی یەك تۆمەتبار ڕەوانەی دادگا ناکرێت. توانای کارگە ناوخۆییەکان لەبەر نەبوونی دەزگای کۆنترۆڵ و پێوانەیی دیار نییە و بەرهەمی ناوخۆیی ئەو تاك تاکە کارگانەی کەرەستەی بیناسازیش هەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ دواوە دەکشێتەوە ..

**پیشەسازی سەرچاوەی پێشکەوتنی ئابووری هەرێمەکەیە**

لە کۆمەڵگاو وەبەرهێنانێکی بێ بەرهەم و حکومەتێکی پڕ لە خەرجیی و ئۆپۆزسیۆنێکی بێ بەرنامەو پرۆژەی ئابووریدا، پێویست بەچاکسازیی و گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە دەکات، لەعەقڵییەت و بەرنامەو کلتوورو دابونەریت، ناکرێت لەکۆمەڵگایەکدا ئیدعای دیموکراتی و ئابووری بازاڕ بکەین بێ ئەوەی خاوەنی بەرنامەو پلانێکی ئابووری بین، ئەو بەرنامەو پلانەی کەهەرێم و کۆمەڵگاکە ئاراستەی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەو تاکەکەسی دەکات. بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی بێ ئابوورییەکی پێشکەوتوو خەون و خەیاڵە، ئەمەش تەنیا لەڕێگای بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی هەلی کارەوە دێتەدی، سەرەتایەکیش دەبێت بۆ ڕووبەرووبوونەوەی هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم پەرەپێدانی ئابووری و ئەو پیلان و سیاسەتە دوژمنکارییانەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان و گەلەکەی لەناوخۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەرەوە دەستیان پێکردووە.

**ئەرکی گۆڕانکاری و چاکسازی لە واقیعی ئابووری بەرهەمهێنان تەنیا لەسەرشانی دەسەڵات نییە، بەڵکو سەرجەم توێژو چینەکانی ناوکۆمەڵگەو ئۆپۆزسیۆنیش هەمان ئەرکیان لەسەرشانە**

## بەرنامەیەك بۆ بەگەڕخستنی کارگەکان نییە

نەبوونی کارگەو کارخانەو لاوازی ئاستی بەرهەمی ئەو کارگە کەمەی کەلەکوردستاندا هەیە، تەنیا بۆ نزمی کوالێتی ناگەڕێتەوە، کێشەکە لەوەدایە کەهیچ یاساو ئیجرائاتێك نییە بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ ئەو بەرهەمەی لەسەرجەم وڵاتانی دنیاو



بەجیاوازی سیستەم و بیروبۆچوونەکان پارێزگاری لێدەکرێت بەڕێگاو شێوازی جۆراوجۆر، ئەوەتا هەر لەوڵاتی ئەمەریکاوە تاوەکو وڵاتەکانی ئاسیاو چین هەرهەمووی پارێزگاری بەرهەمی ناوخۆ دەکەن، لەقەیرانە داراییەکەی ئەمجارەی جیهاندا حکومەتەکانی ئەورووپاو ڕۆژئاوا بەملیۆنەها دۆلاریان تەرخانکرد بۆ ڕێگا گرتن لەبێ مایەبوون و شکستهێنانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانیان، باربوو کۆمەکە داراییەکانی گەورە کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبیل و پیشەسازی قورس جوانترین نموونەیە. نەبوونی باجێکی گونجاو لەسەر بەرهەمی بیانی لەگرنگترین ئەو هۆکارانەن کەبوونەتە هۆی پەکخستنی کارگەکانی کوردستان، ئەوەتا هەردوو کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر و کۆیە بۆ ١٠ ساڵ دەچێت لەکاری بەرهەمهێنان ڕاوەستاوە دەیان کارگەی تری زەیتی گوڵەبەڕۆژەو پیشەسازی خۆراکی بەهۆی نەبوونی هاوکاریکردنی بەرهەمی ناوخۆیی یەوە شکستیان بێ هێنرا، گرفتەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت کاتێك لەبودجەی ئەمساڵدا بڕە پارەیەکی گونجاو باش بۆ بەگەڕخستنەوەی کارگەکان و دامەزرانی کارگەی نوێ تەرخان نەکراوە، یاخود بڕە پارەیەك بۆ قەرزو سولفەو یارمەتی دارایی بۆ پەرەپێدانی کارگەکانی کەرتی تایبەت دانەنراوە، تاوەکو کەرتی تایبەت ڕووبکاتە بوارە بەرهەمهێنەرەکەو و چی تر لەڕێگای بازرگانییەوە هەرێمەکە نغرۆی کەلوپەلی خراپ و خۆراکی بەسەرچوو ئێکسپایەرو مارکەی تەزویر نەکات.

پێویستە سوود لەهەڵەکانی عێراق وەربگرین تاوەکو لەم هەرێمەدا دووبارەی ئەو هەڵە گەورە ئابوورییانە دووبارە نەکەینەوە، بۆنموونە لەعێراق ٨٥٪ ی بوودجەی گشتی پشت بەداهاتی هەناردەکانی نەوتی خاو دەبەستێت، ئەمە لەکاتێکدا دەتوانرا لەڕێگای کەرتە ئابوورییەکانی تری وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار ببێتە خاوەنی سەرچاوەی جۆراوجۆری داهات، هەر وڵاتێك تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوتی خاو بێت ناتوانێت بوارەکانی تری ئابووری بخاتە دۆخی پەرەپێدانەوە، لەکەرتی بازرگانی بەتایبەتی لەهێنانی کاڵاو کەرەستەو خواردەمەنی هەنگاوی باش نراوە ئەوەتا ئاستی ئاڵوێری بازرگانی هەرێم

لەگەڵ ئێران لەساڵی رابردوو گەیشتۆتە ٥ ملیار دۆلارو مەزندەش دەكرێت لەم ساڵدا بۆ ٧ ملیار دۆلار هەڵكشێت، گەر ئاستی ئاڵوێرە بازرگانییەكانی نێوان هەرێم و توركیاش بە ١٠ ملیار دۆلار مەزندە بكرێت و سوریاو عێراقیش بەدەیان ملیار دۆلار ئەوە رۆشتنی سەرمایەی كوردستان تەنیا بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەنزیكەی ٣٠ ملیار دۆلار مەزندە دەكرێت، بەڵام ئەمە زیاتر بەبەرژەوەندی و قازانجی ئێران و وڵاتانی دەوروبەر دەگەڕێتەوە، چونكە لەناوخۆی هەرێمەكەدا خاوەنی بەرهەمهێنانی پێشكەوتوو نین بەتایبەتی لەبواری پیشەسازی دا، تاوەكو هاوسەنگی بگەڕێنرێتەوە بۆ ئاڵوێری بازرگانی. كوردستان خاوەنی چەندین سەرچاوەی كانزایی و كەرەستەی خاوە كەدەكرێت بەهاوكاری وبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی كاری وبەرهێنانی تێدا ئەنجام بدرێت و، هەرێمەكە ببێتە جەمسەرێكی ستراتیژی بۆ بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەی كانزاو كەرەستەی خاو، خاكی كوردستان خاوەنی هەموو كەرەستەیەكی خاوو كانزایەكی سروشتییە، كە بەهۆی نەبوون و لاوازی كارگەوە نەتوانراوە سوودی لێوەربگرین، ناڵێین كەرتی پیشەسازی لەهەرێمەكەدا نییە بەڵام لەئاستێكی زۆر نزمدایە، هەر بۆیە بەدامەزرانی چەندین پرۆژەی ستراتیژی و گرنگی پیشەسازی لەلایەن كەرتی تایبەتەوە پێگەی ئابووری كوردستان بەهێز دەكات، چونكە كەرتی پیشەسازیی پێوەرێكی سەرەكییە بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگای كوردستانی و گەیشتنی بەهەرێم و وڵاتانی تری پێشكەوتوو، ئەركی گۆڕانكاری و چاكسازی لەپەیكەرو واقیعی ئابووری بەرهەمهێنان تەنیا لەسەرشانی دەسەڵات نییە، بەڵكو سەرجەم توێژو چینەكانی ناوكۆمەڵگەو ئۆپۆزسیۆنیش هەمان ئەركیان لەسەرشانە، رەنگە لەتێڕوانین و بیروبۆچوون و خوێندنەوە ئابوورییەكان هەموو پێكهاتەكانی ناوكۆمەڵگاو پارتە سیاسییەكان هاوكۆك نەبن و جیاواز بن و خاوەنی بیروبۆچوونی دژ بەیەكیش بن، بەڵام دەبێت لە مەبەست و ویستدا لەپێناو یەك ئامانجدا



تێبكۆشن ئەویش پەرەپێدانی هەرێمەكەو هێنانی خۆشگوزەرانییە بۆ خەڵكی. ئەم باسە لە چوارچێوەی خوێندنەوەی واقیعەكە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی **«پیشەسازی سەرچاوەی پێشكەوتنی ئابووری هەرێمەكەیە»** لەم چەند ساڵەی رابردوودا چەند هەوڵێك درا بۆ هێنان و دامەزرانی كارگەكانی پیشەسازی لەوانە( دامەزرانی كارگەیەكی دەرمان بەبڕی ٥٠ ملیۆن دۆلار لەهەولێر كە زیاد لە١٤٠ كارمەندو ئەندازیاری كیمیایی لەم كارگەیەدا كار دەكەن، پرۆتۆكۆلێكیش لەنێوان سەرمایەدارانی ئێرانی و نوێنەرانی بازرگانی هەرێم مۆركراوە، بەمەبەستی دروستكردنی كارگەیەكی ئۆتۆمۆبێل و حكومەتی هەرێمیش كارئاسانی بۆ دروستكردنی دەكات،پرۆژەی ئەربیل ستیل كە نزیكەی ٣٠٪ی پێداویستی ناوخۆیی دابین دەكات، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٨ەوە تاكو ئێستا زیاتر لە ٣٥٠ كارگەی جۆراوجۆری كەرتی تایبەت دروستكراون كە زۆربەیان كارگەی بەرهەمهێنەری كەرەستەی بیناسازین و ئەوانی تریش تایبەتن بەكارگەی پیشەسازی خۆراكی و ئاسنكەری و دارتاشی و پێداویستی كیمیاویی وpvcو ئەلەمنیۆم و بەرهەمی جۆراو جۆری تر. زۆربەی ئەم كارگانەش كەوتونەتە دەوروبەری شارە گەورەكان، بەڵام تاكو ئێستا خاوەنی شارێكی پیشەشازی نین.

بەو پێیەی كۆمپانیاكان بەردی بناغەی كەرتی تایبەتن، بۆیە زۆر گرنگە كار بۆ بەدامەزراویبوونی پیشەسازی بنرێت و لەم پێناوەدا هەوڵی راكێشانی گەورە كۆمپانیا بیانییەكان بنرێت، لەم چەند ساڵەی رابردوودا كێشەكانی ئاوو ئاوەڕۆو بێ كارەبایی و نیشتەجێبوون دۆخێكی وای لێكەوتەوە هەموو هەوڵەكانمان بۆ چارەسەركردنی ئەمبوارانە بوو، ئێستاكە كاتی ئەوە هاتووە هانی وەبەرهێنەری بیانی بدرێت لە بری سۆپەرماركێت و تەلارسازیی و كاری بازرگانی روو بكەنە كاری پیشەسازی و دووبارە پێناسەی كەرتی پیشەسازی لەكوردستاندا بكرێتەوەو ئەو پیشەسازییەی توانای كێبركێی بەرهەمی بیانی یان هەیە دابمەزرێن.

### نەبوونی سەرمایەی نیشتمانی كەرتی بەرهەمهێنانی ئیفلیج كردووە

نەبوونی بیزنسكاری و سەرمایەی نیشتمانی وایكردووە كۆمپانیا ناوخۆییەكان وەبەرهێنان لەبواری بەرهەمهێناندا نەكەن، چونكە بیزنسكارە ناوخۆییەكان دەیانەوێت لەماوەیەكی كەمدا قازانجێكی گەورەیان دەستبكەوێت، ئەم حەزو ویستەش لەبواری بازرگانی دەست دەكەوێت، كەكەرتێكە رێك نەخراوەو بێسەروبەری پێوەدیارەو لەغیابی چاودێری و لێپرسینەوە كاری نایاسایی و پاوانخوازی و ساختەكاری تێدا ئەنجام دەدرێت و نرخەكانیش لەژێر چاودێریدا نین، بیزنسكاری كورد دەیەوێت لەماوەیەكی كەم و خێرادا زۆرترین قازانجی دەستكەوێت، بۆیە رووی كردۆتە كاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و كەرتی خانووبەرە، ئەم بوارانەش هیچی ناچێتە بواری بەرهەمهێنانەوەو دەستكەوت و قازانجی

**لەساڵی ٢٠٠٨ەوە تاكو ئێستا زیاتر لە ٣٥٠ كارگەی جۆراوجۆری كەرتی تایبەت دروستكراون كە زۆربەیان كارگەی بەرهەمهێنەری كەرەستەی بیناسازین**

**لەساڵ و نیوێكدا ٣١٩ كارگەی بچوكی جۆراوجۆر دروستكراون و ٢٩٨١ كرێكار كاریان تێدا دەكەن**

لێناکەوێتەوەو خەرجییەکانی پڕ ناکاتەوە. تەنیا لەڕێگای کارگەو پیشەسازییەوە دەتوانرێت پێگەی ئابووری هەرێمەکەو سەرجەم کەرتەکانی بۆ پێشەوە ببرێت، تەنانەت پێشکەوتنی کەرتی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵیش لەسەر ئاستی گەشەکردنی ئەمبوارە وەستاوە.

**بۆ دامەزرانی کارگە لەهەر وڵاتێکدا پشت بەچەند بنەمایەك دەبەسترێت کەگرنگترینیان بریتییە لە :**

**- بوونی ئارامی و ئەمنییەت و پاراستنی سەروماڵی بیزنسکارو هاوڵاتییان( لەمبوارەوە هەرێمی کوردستان زۆرجار لەمیدیای بیانییەوە بەعێراقە ئارامەکە ناودەبرێت ).**

**- کەرەستەی خاو( کوردستان خاوەن ژینگەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان لەبواری دەرهێنانی کەرەستەی خاو).**

**- هێزی کار( کرێکاری ناوخۆو بیانی هەیەو تێچوونیشی گران نییە).**

**- بازاڕ( بازاڕێکی فراوان و گەورە لەناوخۆی هەرێمەکەدا هەیە، هاوکات ڕێگایەکی ترانزێتیشە بۆ گەیشتن بەبازاڕی وڵاتانی دەوروبەرو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست).**

**- بوونی سیستەمی بانکی پێشکەوتوو سیستەمی دڵنیایی**

**- بەرزی داهاتی تاکەکەسی بۆ زیادبوونی خواست لەسەر کاڵاو بەرهەمەکان پێویستە.**

## خراپی بەرهەمی کارگە خۆماڵییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژینگە

لەهەموو سیستەمە ئابوورییەکانی جیهان کاری وەبەرهێنان لەبواری بەرهەمهێنان زیاتر لەلایەن کۆمپانیای ناوخۆییەوە ئەنجام دەدرێت، بەو پێیەی ئەم کۆمپانیانە زیاتر جێی متمانەو بەردەوامین و لەکاتی تەنگانەدا خاکی خۆی کەمتر جێ دەهێڵێت، بۆیە پێویستە کار بۆ دامەزرانی کۆمپانیای گەورەی پیشەسازی بنرێت و ئاراستەی بواری بەرهەمهێنانیان بکرێت، گرنگ نییە لەهەرێمی کوردستان ٩٥٠٠ کۆمپانیا بوونیان هەیە و زیاتر لە١٠٠٠ کۆمپانیای بیانی هەیە گرنگ ئەوەیە لەکۆی ئەم کۆمپانیانە چەندی لەبواری بەرهەمهێنان کار دەکات و خاوەنی بڕوانامەی iso یە بۆ باشی لە ستاندەرو کوالێتییەوە، لەلایەکی ترەوە یەکگرتنەوەی کۆمپانیاو کارگەکان و تێکەڵبوونیان لەناو یەك گروپدا هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی توانا دارایی و تەکنیکییەکانیان، کەدەیانخاتە دۆخێکی نوێوە بۆ ئەوەی توانای کێبرکێکردنیان هەبێت لەگەڵ بەرهەمی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان. یەکێك لەو مەترسییانەی کەدەبێت تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری رووبەرووی ببنەوە، خراپی جۆری بەرهەمهێنانی خۆماڵییە لە کاڵاو خۆراك و بوارەکانی تر، لەگەڵ پەیڕەونەکردنی ڕێنمایی و مەرجەکانی تەندروستی و ژینگەیی، کەکاریگەری لەسەر تێکچوونی سروشتی جوانی کوردستان و زیانگەیاندن بەکەرتی گەشتوگوزاریی و تەندروستی هاوڵاتییان هەیە، لەکاتێکدا ئەم دوو بوارە خۆی لەخۆیدا لەکێشەو گرفت بەدوور نین و لەبارودۆخێکی باشدا نین.

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەمانەو هێنانی کارمەندو شارەزایانی بیانی بەرهەمی کارگەکانمان دەگەیەنێتە ئاستی بەرهەمی پێشکەوتووی وڵاتانی جیهان و توانای کێبرکێی بەرهەمی بیانیمان دەبێت، دەکرێت زۆرجار شێوازی بەرهەمهێنان بگۆڕدرێت، بۆنموونە گۆڕینی کارگەی

ئایا لەهەرێمی کوردستانیش وەکو ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو دەتوانرێت ببینە خاوەن کارگەو کارخانەی پێشکەوتوو کەتوانای کێبرکێ کردنی لەگەڵ بەرهەمی بیانی هەبێت

هەر وڵاتێک تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوتی خاو بێت، ناتوانێت بوارەکانی تری ئابووری بخاتە دۆخی پەرەپێدانەوە



رستن و چنینی کفری بۆ کارگەی بەتانی چونکە خواست و داواکاری لەسەر بەرهەمەکانی کارگەکە نەماوەو ئامێرەکانی کۆن و لاوازن. لەلایەکی ترەوە بەردەوامی کارگەکانی کوردستان لەسەر یەك ئاستی لاوازی بەرهەمهێنان لەئیفلاسبوونەوە نزیکیان دەکاتەوەو توانای کێبرکێی بەرهەمی بیانییان نابێت، ئەوەتا بەپێی چەند سەرچاوەیەك لەکۆی ٤٦٠ کارگەی پیشەسازی کەرەستەی بیناسازی تەنیا ٣٠ کارگە ماوە، هۆکارەکەشی بۆ شکستیان دێت لەبواری کێبرکێکردنی بەرهەمی وڵاتانی دەوروبەر. زۆرجار نەبوونی فەرهەنگ و رۆشنبیریی ئابووریی دۆخێکی وای لای بەکارهێنەر لێکەوتۆتەوە گەر بێتوو بەرهەمی خۆماڵی باشتر بێت لەرووی کوالێتییەوە کڕیارەکانمان هەر روو لەکڕینی بەرهەمەکانی وڵاتانی دەوروبەرو بیانی دەکەن تەنانەت بوونی مارگەیەکی تەزویریش لەسەر کاڵایەك ڕێگر نییە لەبەکارهێنانی ئەو کاڵایە، ئالێرەدا رۆڵی راگەیاندنی ئابووری دەردەکەوێت لەهۆشیارکردنەوەو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ئابووری لای تاکەکانی ناوکۆمەڵگا.



### دەرفەتەکانی کار لەکەرتی پیشەسازی دا

لەئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی دا هاتووە لەماوەی نێوان سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ تا مانگی ئایاری ٢٠٠٩ لەپارێزگای هەولێر ١٩٣ کارگەو لەپارێزگای سلێمانی ٨٩ کارگەو لەپارێزگای دهۆك ٣٧ کارگە دروستکراون، گەرچی ئەم کارگانە کارگەی بچووکی دارتاشی و ئاسنکەری و دروستکردنی کەلوپەلی ئەلەمنیۆمیش لەخۆدەگرێت، بەڵام سەرچاوەیەکە بۆ دۆزینەوەی هەلی کارو ٢٩٨١ کرێکار کاریان تێدا دەکەن، رووکردنە پرۆژەی پیشەسازی قورس گرنگییەکی ستراتیژی زیاتری هەیە، ئەوەتا تەنیا لەپرۆژەی ئەربیل ستیل کە ئاسن بەرهەم دەهێنێت ٦٠٠ کرێکارو کارمەند کاری تێدا دەکەن، لەمەش گرنگتر پرۆژە گەورەکانی پیشەسازیی پترۆل و گازی سروشتییە ئەوەتا لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەی ستراتیژی شاری گاز هەلی کاری راستەوخۆو ناراستەوخۆ بۆ ٢٠٠ هەزار کرێکار دابین دەکات، بەڵام ئەم پرۆژەیە بەتەواوەتی بەنزیکەی ١٥ ساڵ تەواو دەبێت..پرۆژە گەورەکانی بواری پیشەسازی قورس گەر چەندین ساڵی بووێت، ئەوا پیشەسازی خۆراکی و کارگە بچووکەکان بەیەك دوو ساڵ دادەمەزرێت و، هەلی کاری راستەوخۆو ناراستەوخۆ بۆ سەدان جوتیار و کرێکارانی ناوچە دوورەکان و گوندنشینەکان دەرەخسێنێت

### دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بوژانەوەی کشتوکاڵ

لەژمارەکانی رابردووی گوڵان زۆر باسی ئاوەدانکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵیمان کرد وەکو سەرەتایەك بۆ زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی، ئابووریناسان پێیان وایە دامەزرانی کارگەکانی پیشەسازی خۆراکی لەناوچە دوورەکان و سەرسنوورییەکان وادەکات دووبارە گوندەکانمان ئاوەدان بکرێنەوەو ڕێگا لەکۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان بگیرێت، ئەمەش بنەمای سەرەکی سەرکەوتنی پلانی کشتوکاڵییە لەکوردستاندا. کێشەکە لەوەدایە زۆر لەئەندازیارو بەڕێوەبەرەکانی سەر پرۆژەکانی حکومەت خۆشیان گرنگی نادەن بەبەرهەمی خۆماڵی بۆ راپەراندنی کارەکانیان، ئەوەتا بەسەدان پرۆژەی گەورە هەیە دادەمەزرێت و دروست دەکرێت، کەچی یەك کاشی و مەڕمەڕی خۆماڵی تێیدا بەکار ناهێنرێت. لەکابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم وەزارەتی پیشەسازی زۆر باسی دامەزرانی پرۆژە بچووکەکانی پیشەسازی لەگوندەکان کرد، کەدەکرێت لەماوەیەکی زۆر کورتدا جێبەجێ بکرێت و گوندەکانیش ئاوەدان بکرێنەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە نەکرایە پرۆژەیەکی ئابوورییانەو لەرووی پراکتیکییەوە جێبەجێ نەکرا.

ئەرکی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە هاوسەنگییەك لەنێوان ئەم دوو بوارە گرنگە دروست بکات و رووپێوێکی ووردی زانستی ئەنجام بدات، تێیدا سەرجەم زانیاری لەسەر کەرتی پیشەسازی لەخۆ بگرێت و ببێتە خاوەنی پرۆژە بۆ پێشخستنی بواری پیشەسازی لەهەرێمەکەدا، هاوکات پاڵپشتی بەرهەمی خۆماڵی بکات لەڕێگای دانانی باجی گومرگییەوە، بەڵام ئەم باجە بۆ پێشخستنی بەرهەمی خۆماڵی تەرخان بکرێتەوە، ناکرێت کارگەکانی کەرتی تایبەتیش لەرووی جۆرو کوالێتی و چەندایەتییەوە پێش نەکەون و نەکەنە ئاستی ململانێ و کێبرکێی بەرهەمی بیانی، بۆ ئەمەش دەبێت بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری و کەسانی شارەزا لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی رۆڵی خۆیان بگێڕن و چەندین بنکەی مەشق و راهێنان بکەنەوەو خولەکانی پەرەپێدان فراوان بکەن و ببنە هۆکارێك بۆ دەوڵەندکردنی تاکی کورد لەرووی مەعریفەو زانستی نوێوە، هاوکات قەرزی پیشەسازی بۆ دامەزرانی کارگەکان بکرێتەوەو جوتیاری گوند هانبدرێت روو لەپیشەسازی خۆراکی و کاری وەبەرهێنان بکەن. لەگەڵ کەمبوونەوەی زۆر لە گرفتە سەرەکییەکان و گەورەکانی وەکو کێشەی ئاوو کارەبا کە خۆی لە کەرتی خزمەتگوزاری دەبینییەوە، کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوەکان چڕ بکرێنەوە لە بەهێزکردنی کەرتی بەرهەمهێنان و هاوسەنگ کردنی ناردنە دەرەوەو هێنان، تاوەکو بتوانین هەنگاو بەرەو پلانەکانی تایبەت بە ئاسایشی خۆراك بنێین، کە کۆڵەکەی سەرەکی پاراستنی ئاسایشی ئابووریمانە، ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر نەخشەدانەران و بڕیاربەدەستانی تایبەت بە پیشەسازی و دارایی ..

**کوردستان خاوەنی چەندین سەرچاوەی کانزایی و کەرەستەی خاوە کەدەکرێت بەهاوکاری وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی کاری وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام بدرێت**

**کەرتی پیشەسازیی پێوەرێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستانی و گەیشتنی بە وڵاتانی تری پێشکەوتوو**